


# کاتژمێرێکی هۆشمەندی جیاواز

پێموایە خوێنەرانی ئەم بەشە دەزانن کە لەسەر کاتژمێری هۆشمەند بابەتگەلی زۆرمان بڵاوکردۆتەوە و و زۆریشمان ناساندوون.. کاتژمێرە هۆشمەندەکان بە زۆری لەسەر یەکێك لە دوو سیستەمی ئەندرۆید و ئەی ئۆ سی کار دەکەن.. جگە لە کاتژمێری هۆشمەندی جۆری EXE watch نەبێت، کە دەتوانێت لەسەر هەردوو سیستەمەکە کار بکات. سەرەکیترین خاڵی بەرچاو کە لە کاتژمێرەکەدایە ئەوەیە بەکارهێنانی زۆر سادەیە. تەنانەت ئەوانەی کە کەم ئەندامیشن دەتوانن بە ئاسانی بەکاری بێنن. بەکارهێنەر دەتوانی بە جوڵەی دەست بۆ لای راست یان چەپ پەیوەندییەکە رەت بکاتەوە یان وەربیگرێ.. وەك زۆر کاتژمێری دیکەش تایبەتمەندی زانینی کەش و هەوا، زانیارییەکانی پەیوەند بە تەندروستی وەك سووتاندنی کالۆری و پێوانی رێگا و هەنگاوەکانی تێدایە..




# ئایفۆنەکەت دەکەوێتە فڕین!

هێشتاکە مانگێك نابێت کە مۆبایلی ئایفۆن ٧ کەوتۆتە بازاڕ، زۆر کۆمپانیا هەوڵیانداوە ئامێری لاوەکی بۆ بەرهەم بێنن. بەشێکیان بەراستی سەرنج راکێشن، یەکێك لەوانە شەحنکەرەوەیەکە کە بە Aircharge ناسراوە.. رەنگە پێت سەیر بێت کە دەڵێم بەهۆی ئەوەوە مۆبایلەکەت بەرز دەبێتەوە و هەر ئەوەندە دەمێنێ بفرێت!

داك یا ستاندی شەحنکەرەوەکە بە جۆرێك دروستکراوە کە بەپێی رێژەی شەحنی مۆبایل، مۆبایلەکە بەرز دەکاتەوە، لەسەرەتادا ئەگەر مۆبایلەکە هیچ شەحنی تێدا نەبێت ئەوە دەکەوێتەسەر ستاندەکە، بەڵام وردە وردە بەرز دەبێتەوە، ئەگەر پڕیش بوو ئەوە بەتەواوی بەرز دەبێت.

# سکرتێرێکی دیجیتالی بۆ ماڵەوە




مانشێتەکەی سەرەوە رەنگە سەرنج راکێش بێت، یانی سکرتێریش بوو بە دیجیتالی.. کۆمپانیایەك جۆرە بۆردێکی دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە بە lucy at home ناسراوە، بۆردەکە شاشەیەکی مەزنە کە کامێرایەکی HD و مایکێکی و سپیکەرێکی هەیە. کامێراکە هۆشمەندە و دەتوانێت روخساری کەسانی ماڵەوە بناسێ و پەیامەکانی هەرکامیان بەپێی رووخسارەکانیان بۆیان بخوێنێتەوە.

هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە دەتوانین رووداوەکانی رۆژمێری بۆردە دیجیتالییەکە دیاری بکەن بۆ ئەوەی لەکاتی دیاریکراودا بیریان بخاتەوە. نیشاندانی کەش و هەوا و کۆنترۆڵ کردنی گشت ئامێرە دیجیتالییەکانی ماڵەوە ئەرکێکی دیکەی (لووسی هوم)ە. جگە لەوەش هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە دەتوانن پەیام بۆ ئەندامەکانی دیکە دابنێن و بۆردەکە دەتوانێت بدوێ و لە کاتی پێویستدا بە دەنگ یادەوەرییەکان بخوێنێتەوە. ئەگەر هیچ ئەرکێکیش ئەنجام نەدات وەك تابلۆیەکی سەرنج راکێش لە دیوار دەدرێت و بە پێی بەکارهێنەرەکە دیمەنی تابلۆکە دەگۆڕدرێت.

# یەکەم کاتژمێری دیواری هۆشمەند

هەرچەندە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە کاتژمێری دەستدا پێکهاتووە، کاتژمێرە دەستییەکان دەکرێ بڵێین شوێنی مۆبایلیان گرتووە، بەڵام کاتژمێرە دیوارییەکان هەروەك خۆیانن، هەروەك پێشوو کلاسیکن و گۆڕانکاری کەمیان تێدا کراوە..

لەم دواییەدا کاتژمێرێکی دیواری هۆشمەند بەرهەم هاتووە کە بە کاتژمێری Glance clock ناسراوە، ئەو کاتژمێرە لە باری ستایلەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کاتژمێرەکانی دیکە نییە، بەڵام ئە وەندەی هەیە هۆشمەندە لە رێگای مۆبایلەوە دەتوانی رێکی بخەی و شاشەکەی بگۆڕی، یان پەیوەندییە هاتوو و هاتنی ئیمیلەکان لە سەر شاشەی کاتژمێرەکە نیشان بدرێ.

تەنانەت دەکرێت یادەوەی رۆژانەی خۆت بەو کاتژمێرە بسپێری وەك دیدارەکان، خواردنی داو دەرمان و کاروباری دیکەی رۆژانە..





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی فایلی ئایتی دەپرسێت، مۆبایلەکەم لە مۆبایلە سمارتەکانە بەچی بزانم سیخوڕی بەسەر مۆبایلەکەمەوە ناکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز.. ئەگەر هەستت بەوەی کرد باتری مۆبایلەکەت بەبێ هۆ شەحنی دادەبەزێت، ئەگەر هەستت پێکرد کە مۆبایلەکەت زوو گەرم دادێت.. ئەگەر دیتت لەناکاو مۆبایلەکەت دەکوژێتەوە, ئەگەر هەستت بەوە کرد کورتە پەیامی سەیروسەمەرەت بۆ دێن، یان لە خۆوە پرۆگرامەکان دەبنەوە، ئەوە بزانە سیخوڕی بەسەر مۆبایلەکەتەوە دەکرێت.. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەتوانی پرۆگرامەکانی ئەنتی سپای یان ئەنتی ترۆجان دابەزینی.. هەرچەندە ئەگەر مۆبایلەکەت رۆت نەکرابێ بە زەحمەتتر دەتوانرێ سیخوڕی بەسەرەوە بکرێت.. وەك ئاماژەم پێدا ئەوانە بەشێکن لە هێما و ئاماژەکانی سیخوڕی کردن..



## هەمیشە لە ناو بازنە دابە

کاتێك تەلەفۆن بۆ کەسێك دەکەی ئەگەر لە دەرەوەی هێڵی خزمەتگوزاری مۆبایلەکەی بێت هاوشێوەی کۆڕەك دەڵێت» ئەو ژمارەیەی داوای دەکەی لە دەرەوەی بازنەیە».. مەبەست ئەوەیە کە هێڵی خزمەتگوزاری نایگاتێ.. ئەو کەسانەی کە دوور دەکەونەوە و گەشت دەکەن بۆ چیا و دارستان زۆر جار هەیە هێڵی خزمەتگوزاری نایگاتێ، ئامێری (goTenna) ئەو گرفتەی چارەسەر کردووە. ئامێرەکە بچووکە ئەوکاتەی لەگەڵ مۆبایلەکە دەبەسترێتەوە و لە پەیوەندی دا دەبێ سەرەڕای نیشاندانی شوێنی جوگرافی جێگاکە، کورتە پەیامەکان بەبێ بوونی هیچ خزمەتگوزارییەك دەگەیەنێت. شێوازی کارکردنی ئامێرەکە بەم جۆرەیە، ئامێرەکە لەگەڵ نزیکترین ئامێری هاوچەشنی خۆی پەیوەندی دادەمەزرێنێ ئەویش لەگەڵ نزیکترین ئامێری هاوشێوەی.. بە کورتی بۆخۆیان تۆڕێك پێکدێنن و هەتا دەگەنە تۆڕی خزمەتگوزاری مۆبایلەکە.. دیارە ئەو خزمەتگوزارییە پێشووتر هەر لە خزمەت ئەرکی سوپایی دابوو.



## سایتێک بۆ گۆڕانکاری لە وێنەدا


وێنەکانی باکگراوندی مۆبایل یا کۆمپیوتەر ستایل و شێوازیان جیایە، بە کامێرای تایبەتی و لە دیمەنی تایبەتی گیراون، سایتگەلێکی تایبەت هەن کە تایبەتن بە دابەزاندنی وێنە، بەڵام تەنیا چەند سایتێك هەن تایبەتن بە دابەزاندنی وێنەی باکگراوەند. سایتی socwall.com یەکێکە لەم سایتانە.. لەم سایتەدا وێنەکان ریزبەندی کراون و بە هەزاران وێنەی باکگراوەندی تێدایە.. وێنەکان ئەوەندە سەرنج راکێشن حەز دەکەی گشتیان دابەزینی.. گەر حەز دەکەی ستایلی باکگراوەندی لاپتۆپ یا مۆبایلەکەت بگۆڕی سەرێك لەم سایتە بدە..

## پرۆگرامێکی بچوک بۆ گۆڕین بە PDF و وێنە

بۆ گۆڕینی دۆکیۆمێنت بە PDF یا وێنە پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن، بەناوبانگترینیان پرۆگرامی Adobe Acrobat Readerە. پرۆگرامی دیکەی هاوشێوەی ئەویش هەن.. بەڵام ئەو پرۆگرامانە تا رادەیەك قەوارەیان لەسەرێیە و شوێنی زیاتر لە هاردی کۆمپیوتەر دەگرن..

یەکێك لەو پرۆگرامانەی کە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات و قەوارەشی کەمە پرۆگرامی Universal Document Converterە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت فایلە جۆراوجۆرەکان وەك ئەو فایلانەی بەهۆی کۆمەڵەی مایکرۆسۆفتە بۆ نموونە Word, PowerPoint, Excel دروست دەکرێن بە ئاسانی دەبن بە PDF یا وێنە. وێنەکانیش بە زۆربەی فۆرماتەکان سەیڤ دەکرێن، بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- تێکەڵکردنی چەند فایلێك پێکەوە.
- گۆڕینی فایلی دەق بە فۆرماتی گرافیکی و کوالیتی بەرز.
- دروستکردنی پرینتەرێکی مەجازی بۆ ئاسانکاری گۆڕین بە PDF.
- دانانی وشەی نهێنی لەسەر دەقەکان.




## لاپتۆپێک بە نیگا پێدەبێت

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی لاپتۆپ، نوێترین لاپتۆپەکانی خۆی خستەڕوو بە تایبەتمەندی جیاوازەوە. کۆمپانیای (ئالین وار) لاپتۆپی تایبەت بە گەیمی بە چەند مۆدیلی ١٣ و ١٥ و ١٧ ئینجی بەرهەم هێنا، لەو ڤێرژنە نوێیانەدا لاپتۆپەکان ٢٠ تەنکترن.. کامێرای هۆشمەندیان بۆ داندراوە کە بەهۆیەوە دەکرێت بە چاو فەرمان بەسەر لاپتۆپەکەدا بکەی، بۆ نموونە کاتێك سەیری شاشەکە ناکەی، رووناکی دوگمەکانی کیبۆرد دەکوژێنەوە. کاتێك سەیری لۆگۆی کۆمپانیاکە دەکەی، کۆمپیوتەرەکە پێدەبێ.

